نامەیەكی كراوە   بۆهەموو ویژدانێكی زیندوو

بۆ هەموو دۆستانی ژینگە

بۆ هەموو كوردستانیەك

## شاری هەولێر خەریكە گڕ دەگرێت

د. ڕێدار محەمەد ئەمین

شەش ساڵ لەمەو بەر سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە لێدوانێكدابەڵێنی پێداین,كەلە چەند ساڵی داهاتوو شاری هەولێر خۆی لە قەرەی شارە پێشكەوتوەكانی ئەوروپا دەدات ,كەچی نەك هەر ئەو خەونەمان نەهاتە دی بەڵكو هەموو خەونێكی سەوزمان لە خۆمان حەرامكرد,نەوەك لە داهاتوو ببێتە دێوەزمە بە سەر خەیاڵەكانمانەوە...ئێمە بڕوامان وابوو كە دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی گرفتی كارەبامان چارەسەر دەبێت كەچی نەك هەر چارەسەر نەبوو بەڵكو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تامەزرۆی كارەبا بووین ,تا ڕاددەیەك مناڵەكانمان ئەوانەی تازە فێری قسەكردن دەبوون  كاتی كارەبا دەهاتەوە دەیانگوت ئامە یان مەولیدە(واتە كارەبای گشتیە یان مەولیدەیە),دوای ڕشووخانی ڕژێم ڕۆژانە بە هەزارەهامەولیدەی دزراو لە شارەكانی ژێر دەستی ڕژێمی ڕووخاو لە سنووریكوردستان ئاودیوی  ئاودیوی سنوور دەكران ئایا نەدەكرا ئەم مەولیدانە بۆ ماوەیەكی كاتیش بێت  تۆزێك لە گرفتی كارەبامان كەم بكاتەوە؟یاخود ئیچران و توركیا زیاتر لە ئێمە زیاتر پێویستیان بوو.تائێستاش هەولێر لەبێ ئاوی دەناڵێنێت,چەندین خێزان بە ناچاری خانویان دەفرۆشت و دەچوونە گەڕەكێكی تر, كاتێك بۆیان ڕوون دەبۆوە كە لە گەڕەكەی ئەوان بێ ئاوترە.لە كاتێك زۆربەی شەقامەكانی شار ڤیرتاو نەكراون دوو ڕۆژ بەر لە دەنگدان شەقامە بێ تاسەكانی ئیسكان و باتە دووبارە ڤیڕكرانەوە.زەوی نەما لە هەولێر بەسەر كەسانی غەیرە هەولێری دابەش نەكرێ,ئێستاش گەر ئامارێك بكرێت ژمارەی ئەو كەسانەی لە هەولێر خاوەن زەوی وخانوو و موڵكن گەلێك لە هەولێریەكان زیاترن,ئەمەش هێندەی ئەوە بە ئازار نەبوو كە لە گەڕەكەكانی وەك ئازادی و زانیاری وشۆڕش و برایەتی ئەو پارچە زەویانە بەسەر غەیرە هەولێری دابەشكران (بە نرخی شارەوانی)كە لە بنەڕەتدا بۆ باخچە و بنكەی تەندروستی و دایەنگاو خزمەتگوزاری تر دانرابوون,وەك بڵێی شاری هەولێر پێویستی بە وانە نەبێ زیاتر لەوەی پێویستی بە دابینكردنی خانوو بۆ ئەم غەیرە هەولێریانە بێت .هەموومان دەزانین لە ڕووی ئەندازەیی وبۆ پاراستنی ژینگە بۆ هەر ژمارەیەك خانوو یان بینایەی بەرز دەبێت باخچەیەكی گەورە هەبێت,كەچی هێواش هێواش باخچەكان لە ناو دەچن وبالأخانەی بەرز شوێنیان دەگرنەوە,گەڕەكانیش پێویستیان بە باخچە نەماوە.سیمای هەولێر بە ئەندازەیەك تێكچووە,بە بیانووی دروستكردنی بازاڕیكی هاوچەرخ قەڵەباڵغی زیاتر لە هەولێر لە ناو جەرگەی شاردا دروست بكرێ,ئەمە سەرەڕای مەحرومكردنی خەڵكێكی زۆر لە كاسبی كردن چ بە تێكدانی دوكانەكانی شێخەلأ یان جێگرتنی عارەبانەكان,هەروەها شاردنەوەی شوێنەواری قەلأی هەولێر كە لە سەر دەمی بەعس قەدەغە بوو

بالأخانەیەك لە ئەو بەرزتر لە نزیك ئەو دروست بکرێت,جگە لەمانەش ئایا دروستکردنی 25000دوکان و گەراج بۆ 9000ئۆتۆمبیل چارەسەری کێشەی قەرەباڵغی شاری هەولێر دەکات لە کاتێکدا چونە ژوورەوەی ئەم بازاڕەو هاتنە دەرەوە تەنها چەند دەروازگەیەکی بچوکی هەیە.ئەوەی دەچێتە بازاڕ,تەنها شوێن بۆ حەسانەوەی باخچە بچوکەکەی بەردەم بینایەی ئاسایشە,کەوا لە 200م چوار گۆشە تێپەڕ ناکات.ئێشتاکەش کار بۆ ئەوە دەکرێت کە کۆنترین قوتابخانەی شاری هەولێر (ئیبنوخولەکان)لە پشت بانکی ڕەشید تێك بدرێ و بکرێتە بینایە.لە جیاتی ئەوەی گەڕەکە کۆنەکانی دەورەی قەلا وەك شوێنێکی دێرین و شوێنەوار بمێنێتەوە یان هەر هەندێکیان بکرێنە باخچەو پارکی جوان.ئەوا خەریکە بە بەرنامە ئەوانیش بکرێنە بالأخانەی بەرز.ئەمانە لە کاتێکدا هەولێر نە شارێکی بازرگانی نە شارێکی پیشەسازیەو هولێر مەودای فراوانکردنی زۆرە و دەکرێت بەشێکی زۆر لە قەرە باڵغیەکان بکەونە دەرەوەی شارو ناوەندی شار بە باخچەو پاڕکی جوان بڕازێنرێتەوە.وەنەبێت موعاناتی هەولێر هەر بەمە کۆتایی بێت بەڵکو لە هەموو ئەمانە گرنگتر نەبوونی غاز و نەوت و بەنزینە ,پێشتر بە هانەیەك هەبوو ئەویش ,ئەویش ڕژیم لێ ناگەڕێت بەنزین بێت ,بەلأم ئێستاکە ڕژێم نەماوەو بەنزین لە تورکیاوە دێت,کەچی ڕیژەی ئەو بەنزینە تورکیەی کەلەسەر شۆستەکانە گەلێ زیاترە لەوەی لە ئەمباری بەنزینخانەکانە جگە لەوەی بازاڕی ڕەشیش لەبەر چاوی حکومەت و بە پارێزگاری ئەو لە سەر ڕێگای مەخمورە.زێدە ڕۆیی نیە بەم بەنزینخانەی سەر شۆشتەکان دەریاچەیەکی وەك دۆکانی لێ دروست دەکرێت!ئیتر تەنها ئەوندە ماوە لانەوازەیەکی هەولێری بێت و دەنگە شقارتەیەکی داگیرساو فڕێ داتە سەر شۆستەیەك و هەموو هەولێر گڕ بگرێت!